# ٣٠ بەروبووم لە بەروبوومەکانی تەقوا لە قورئانی پیرۆز

## ﴿ ٣٠ ثمرة من ثمرات التقوى في القرآن الكريم ﴾

[ كردي – کوردی – kurdish ]

پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ ٣٠ ثمرة من ثمرات التقوى في القرآن الكريم ﴾

« باللغة الكردية »

بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

# ٣٠ بەروبووم لە بەروبوومەکانی تەقوا لە قورئانی پیرۆز

خوای گەورە چەندەها مژدە ومزگێنی داوە بە بەند موتەقیەکانی لە قورئانی پیرۆزدا، لەو مژدانە:

**یەکەم:** مژدەی کامەرانی وبەختەوەری لە ژیانی دونیاو دواڕۆژدا، خوای گەورە دەفەرموێت:{ الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ (٦٣) لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ} یونس: ٦٣،٦٤.

واتە: (ئەو بەختەوەرانە) ئەو کەسانەن باوەڕی بەتین و دامەزراوو پڕ سۆزیان هێناوە بە پەروەردگاریان و خۆشیان دەپارێزن لە خەشم و قینی خوا (بە هۆی ئەنجامدانی فەرمانەکانی خوا و تەرێز کردنیان لە حەرام)... هەر بۆ ئەوانە مژدەی (کامەرانی و بەختەوەری) لەژیانی دنیادا (کە مژدەی قورئان و فەرموودەیە) لە قیامەتیشدا (مژدەکان هەموو دەبنە واقع و، هەموو مژدە قورئانیەکان بە زیادەوە دینە دی)، بێگومان ئەو بەڵێنانەی خوا هەر دێنەدی و هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نایەت، ئا ئەوەیە سەرفرازی و کامەرانی گەورەو مەزن.

**دووەم:** مژدەی یارمەتی و سەرخستن، خوای گەورە دەفەرموێت:{ إِنَّ اللَّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَوْا وَالَّذِينَ هُمْ مُحْسِنُونَ } النحل:١٢٨.

واتە: چونکە بەڕاستی خوا لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە خۆیان پاراستووە لە گوناهو هەروەها ئەوانەش کە چاکەکارو چاکەخوازن.

**سێهەم:** مژدەی تەوفیقدان بۆ فێربوونی زانست، خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ } البقرة: ٢٨٢.

واتە: لە خوا بترسن و خۆ پارێزبن و خوا فێری ئەو شتانەتان دەکات (کە خێری تیایە بۆ دنیاو پاداشتی قیامەتی لە دوایە).

**چوارەم:** ڕێنموونی کردن بۆ ڕێگای ڕاست و جیاوازی کردن لە نێوان حەق وباتیڵدا، خوای گەورە دەفەرموێت:{ إِنْ تَتَّقُوا اللَّهَ يَجْعَلْ لَكُمْ فُرْقَاناً } الأنفال: ٢٩.

**پێنجەم:** مژدەی سڕینەوەی تاوانەکان وگەورەیی پاداشتی پارێزکاران، خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُعْظِمْ لَهُ أَجْراً } الطلاق:٥.

واتە: ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت، خوا گوناهەکانی دەسڕێتەوە و چاوپۆشی لێ دەکات و پاداشتەکەی بۆ گەورەو بێ سنوور دەکات.

**شەشەم:** مژدە بە لێخۆشبوون، خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَإِنْ تُصْلِحُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُوراً رَحِيماً } النساء: ١٢٩.

واتە: خۆ ئەگەر چاکسازی بکەن و ڕێک بکەون و خۆتان بپارێزن لە ستەم، ئەوە بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام لێخۆشبوو میهرەبانە.

**حەوتەم:** ئاسان کاری لە هەموو کارێکدا، خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْراً } الطلاق:٤.

واتە: ئەوەی کە لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت، ئەوە خوا کاری بۆ ئاسان دەکات.

**هەشتەم:** دەروو لێ کردنەوەو دەرچوون لە غەم وبەژارە، خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجاً } الطلاق:٢.

واتە: ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت، ئەوە خوا دەرووی لێ دەکاتەوە...

**نۆیەم:** بەخشینی رزق ورۆزێکی فراوان بە بێ ماندوو بوون، خوای گەورە دەفەرموێت: { وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجاً (٢)وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لا يَحْتَسِبُ } الطلاق:٢،٣.

واتە: ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت، ئەوە خوا دەرووی لێ دەکاتەوە ولە شوێنێکەوە ڕزق و ڕۆزی پێ دەبەخشێت کە حسابی بۆ نەکردبێت و خۆی پێی نازانێت.

**دەیەم:** رزگار بوون لە ئازار وسزا، خوای گەورە دەفەرموێت:{ ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوْا } مريم:٧٢.

واتە: لەوەودوا ئەوانە ڕزگار دەکەین کە پارێزکارو خواناس بوون...

**یازدەیەم:** مژدەی ڕێزلێنان، خوای گەورە دەفەرموێت:{ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ } الحجرات:١٣.

واتە: بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتان کەزۆرتر لەخواترسەو فەرمانبەرداری خوایە...

**دوازدەیەم:** دەسکەوتنی خۆشەویستی، خوای گەورە دەفەرمویّت:{ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ } التوبة:٤.

واتە: بەڕاستی خوا پارێزکارانی خۆش دەوێت.

**سێزدەهەم:** دەسکەوتنی سەرفرازی، خوای گەورە دەفەرمویّت:{ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ } البقرة:١٨٩.

واتە: لە خوا بترسن بۆ ئەوەی سەرفراز بن.

**چواردەیەم:** وەرگرتنی پاداشت و بەزایە نەچوونی کردەوەکان، خوای گەورە دەفەرمویّت:{ إِنَّهُ مَنْ يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ } يوسف:٩٠.

واتە: بێگومان ئەوەی خۆپارێز بێت لە گوناهو خۆگر بێت (لە بەرامبەر پێشهاتەکانەوە، خوای گەورە دەرووی لێ دەکاتەوە) ئەوە بەڕاستی خوا پاداشتی چاکەکاران و چاکەخوازان بەزایە نادات.

**پازدەیەم:** وەرگرتنی کردەوەکان، خوای گەورە دەفەرمویّت:{ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ } المائدة:٢٧.

واتە: خوای گەورە تەنها لە پارێزکاران قوربانی و چاکە وەردەگرێت.

**شازدەیەم:** دەسکەوتنی بەهەشت، خوای گەورە دەفەرمویّت:{ إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ } الذاريات:١٥.

واتە: بێگومان خۆ پارێزانیش لەشیرك و سەرپێچی، لەنێو چەندین باخات و، لەپاڵ چەند سەرچاوەی ئاودان.

**حەڤدەیەم:** دەستکەوتنی ئاسایش وپلە وپایەیەکی گەورە، خوای گەورە دەفەرمویّت:{ إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٍ } الدخان:٥١.

واتە: بێگومان پارێزکاران لە جێگایەکی هێمن و ئاسایشدان.

**هەژدەیەم:** بەرز بوون بەسەر بێ باوەڕاندا، خوای گەورە دەفەرمویّت:{ وَالَّذِينَ اتَّقَوْا فَوْقَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ } البقرة:٢١٢.

واتە: ئەو کەسانەی کە لەدونیادا پارێزگارییان لەسنوورەکانی خوا کردووە، لەڕۆژی دواییدا لەسەرووی ئەوانەوە دەبن و ژیانی خۆشی هەتا هەتاییشیان هەیە.

**نۆزدەیەم:** دەسکەوتنی پاداشتی جۆراوجۆر وزۆربوونی خۆشیەکان، خوای گەورە دەفەرموێت:{ إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازاً (٣١) حَدَائِقَ وَأَعْنَاباً (٣٢) وَكَوَاعِبَ أَتْرَاباً (٣٣) وَكَأْساً دِهَاقاً } النبأ: ٣١-٣٤.

واتە: بەڕاستی بۆ خواناس و پارێزکاران سەرفرازی و خۆشیێ و شادی و کامەرانی فراوان ئامادەیە، چەندەها باخچەی جوان و جۆری ترێ. کیژو کچانی هاوتەمەن و مەمك خڕو دیمەن جوان و تازە پێگەیشتوو ئامادەیە. وە پەرداخی پڕ لە شەراب.

**بیست:** نزیکبوونەوە لە خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا، لەگەڵ خۆشی بینینی خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرموێت:{ إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ (٥٤) فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِنْدَ مَلِيكٍ مُقْتَدِرٍ } القمر:٥٤،٥٥.

واتە: بێگومان پارێزکاران وان لە باخات و ڕووبارەکانی بەهەشتدا. لە نیشتگەیەکی پەسەندان لای پاشایەکی بە دەسەڵاتی توانا.

**بیست ویەك:** دەروون پاکی، خوای گەورە دەفەرموێت:{ الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ } الزخرف:٦٧.

واتە: دۆست و خۆشەویستەکان لەو ڕۆژەدا دوژمنی یەکترن جگە لە پارێزکاران.

**بیست ودوو:** چاك بوونی کردەوەکان ولەگەڵ لێخۆش بوون لە تاوانەکان، خوای گەورە دەفەرموێت:{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً (٧٠) يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ } الأحزاب:٧٠،٧١.

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لەخوا بترسن و پارێزکار بن و قسە ڕاست و دروست بکەن. کردەوەکانتان چاك دەکات و لە تاوانەکانتان خۆش دەبێ...

**بیست وسێ:** چاورۆشنی وزوو بە ئاگابوون، خوای گەورە دەفەرموێت:{ إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَوْا إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُوا فَإِذَا هُمْ مُبْصِرُونَ } الأعراف:٢٠١.

واتە: بەڕاستی ئەوانەی خواناس و پارێزکار بوون کاتێك خەتەرو وەسوەسەیەکیان لەشەیتانەوە پێ بگات یادی خوا دەکەن و خوایان بیر دەکەوێتەوە جا کوت وپڕ بەرچاویان ڕۆشن دەبێتەوە واتە ڕاستی دەدۆزنەوە.

**بیست وچوارەم:** دەست کەوتنی پاداشتی گەورە، خوای گەورە دەفەرموێت:{ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا مِنْهُمْ وَاتَّقَوْا أَجْرٌ عَظِيمٌ } آل عمران:١٧٢.

واتە: بۆ ئەوانەیان کە چاکەیان کردو پارێزکار بوون، پاداشتی زۆر گەورە و بێ سنوور ئامادەیە...

**بیست پێنجەم:** مژدەی بە ئاوات گەیشتن، خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقْهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ } النور:٥٢.

واتە: جا ئەوەی فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەکەی بکات و لە خوا بترسێت و لەسەر پێچی و نافەرمانی خۆی بپارێزێت، جا ئا ئەوانە سەرفرازو بە ئاوات گەیشتوون.

**بیست وشەش:** بیرکردنەوە وتێروانین، خوای گەورە دەفەرموێت:{ إِنَّ فِي اخْتِلافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَّقُونَ } يونس:٦.

واتە: بەڕاستی لەجیاوازی شەوو ڕۆژو ئەو شتانەدا کەخوا لەئاسمانەکان و زەویدا دروستی کردوون، بەڵگەو نیشانەی زۆرن بۆ کەسانێک کەلەخوا بترسن و دینداری بکەن.

**بیست وحەوت:** دوور کەوتنەوە لە ئاگری دۆزەخ، خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَسَيُجَنَّبُهَا الأَتْقَى } الليل:١٧.

واتە: جا خواناس و پارێزکاران لەو سزاو ناگرو ناخۆشیە دوور دەخرێنەوە.

**بیست وهەشت:** مژدەی بردنەوەی چاکەکان، خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَتَزَوَّدُوا فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى } البقرة:١٩٧.

واتە: بەردەوام هەوڵ بدەن کە زەخیرەو توێشوو بخەن، بێگومان چاکترین زەخیرەش تەقواو پارێزکاریە.

**بیست ونۆ:** باش بوونی پاشەڕۆژ، خوای گەورە دەفەرموێت:{ فَاصْبِرْ إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ } هود:٤٩.

واتە: بەڕاستی پاشەڕۆژ بۆ خواناس و پارێزکارانە.

**سی:** بەدەست هێنانی پشتیوانی خوای پەروەردگار، خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَاللَّهُ وَلِيُّ الْمُتَّقِينَ } الجاثية:١٩.

واتە: خوای گەورە دۆست و پشتیوانی پارێزکارانە.

داواکارین لە خوای گەورە بکاتە ئەو بەندانەی کە پارێزکارن و ڕێنمویمان بکات بۆ ڕێگای تەقوا، وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العامين